ISSN: 1994-4217 (Print) 2518-5586(online)

Journal of College of Education

Available online at: https://eduj.uowasit.edu.iq

# Cultural Factors of Migration in Iraq 2014-2017

**Shwan Ahmed Babir**

**Goran Samad**

**Faculty of Arts - Soran University**

**Saman Faris Ala**

**General Directorate of Education in Soran**

**Email:**
Shwan.bapir@soran.edu.iq
hamadsgoran@gmail.com
sfa670h@hist.soran.edu.iq

***Keywords:***

**Cultural change, Migration, Cultural hero, ISIS**

CC BY

**A r t i c l e   i n f o**

***Article history:***

Received 10.Sep.2025

Accepted 15.Oct.2025

Published 28.Nov.2025

A B S T R A C T

This study focuses on three main factors for the act of migration in Iraq between 2014 and 2017: (cultural change, extremist thought to the level of power, and the cultural hero). These three factors are considered as three primary cultural reasons for migration during this period.

As is evident, culture, in all its broad and complex meanings, is constantly changing and new definitions are being formed for it. Specifically, after the colonial process, a kind of cultural change emerged, and with postmodernism, this cultural change took shape in a way that made individuals think more about migration. Furthermore, extremist thought to the level of power refers to the emergence of a fundamentalist and fanatical force like ISIS, which at a certain stage compelled the people of Iraq and Syria to choose migration. This migration took two directions: internal and external. The desire for individual freedom and lifestyle means that the individual feels this place is no longer suitable for living, and therefore is forced to choose migration.

This study relies on an analytical approach and data emphasized by official centers and research. Cultural changes are considered a factor for migration and the choice of individual lifestyle. Additionally, the influence of the cultural hero on migration exists in Iraq, manifested in tribal leaders, heads of nomadic groups and various groups, and even within Sufi orders. Undoubtedly, these are the gaps that this study sheds light on.

© 2025 EDUJ, College of Education for Human Science, Wasit University

**DOI:** https://doi.org/10.31185/eduj.Vol61.Iss3.5094

## العوامل الثقافية للهجرة في العراق ٢٠١٤ – ٢٠١٧

م.م. شوان أحمد بابير م.م. غوران صمد م.م. سامان فارس علا
كلية الآداب – جامعة سوران كلية الآداب – جامعة سوران المديرية العامة للتربية والتعليم في سوران

**الملخص**

تركز هذه الدراسة على ثلاثة عوامل رئيسية لظاهرة الهجرة، وهي: (التغير الثقافي، الفكر المتطرف حتى مستوى السلطة، والبطل الثقافي)، والتي تُعد ثلاثة أسباب ثقافية رئيسية للهجرة في العراق بين عامي ٢٠١٤–٢٠١٧.

كما هو واضح، فإن الثقافة بكل معانيها الواسعة والمعقدة تتغير باستمرار وتتشكل لها تعريفات جديدة. ولذلك، وعلى وجه التحديد، بعد العملية الكولونيالية،

نشأ نوع من التغير الثقافي، وتشكّل هذا التغير الثقافي مع ما بعد الحداثة، مما دفع الفرد إلى التفكير في الهجرة بشكل أكبر. كذلك، يشير الفكر المتطرف حتى مستوى السلطة إلى ظهور قوة أصولية ومتعصبة مثل تنظيم داعش، والتي في مرحلة معينة، دفعت سكان العراق وسوريا إلى اتخاذ خيار الهجرة. وقد اتخذت هذه الهجرة اتجاهين: داخلي وخارجي. المقصود بالرغبة في حرية الفرد ونمط حياته هو شعور الفرد بأن هذا المكان لم يعد مناسبًا للعيش، ولذلك يضطر إلى اختيار الهجرة.

تعتمد هذه الدراسة على المنهج التحليلي والبيانات التي أكدت عليها المراكز الرسمية والدراسات. ويتم اعتبار التغيرات الثقافية كسبب للهجرة واختيار نمط حياة الفرد. كما أن تأثير البطل الثقافي على الهجرة موجود في العراق، والذي يتجسد في زعماء العشائر، ورؤساء المجموعات والقبائل، وحتى في الطرق الصوفية. ولا شك أن هذه هي الفجوات التي تلقي عليها هذه الدراسة الضوء.

**الكلمات المفتاحية:** التغير الثقافي ، الهجرة، البطل الثقافي ، داعش.

## هۆکارە کولتوورییەکانی کۆچ لە عێراقدا ٢٠١٤– ٢٠١٧

م. ی. شوان ئەحمەد باپیر گۆران سەمەد م. ی. سامان فارس عوڵا
فاکەڵتیی ئاداب–زانکۆی سۆران فاکەڵتیی ئاداب–زانکۆی سۆران بەڕێوبەرایەتیی پەروەردەی گشتیی سۆران

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، سەرنج دەخاتەسەر سێ فاکتەری سەرەکی، بۆ کردەی کۆچکردن، لەوانە: (گۆڕانی کولتووری، بیری توندڕەوی تا ئاستی دەسەڵات و پاڵەوانی کولتووری)، کەبەسێ هۆکاری سەرەکی لە هۆکارە کولتوورییەکانی کۆچ لە عێراقدا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤– ٢٠١٧ دەبیندرێن.

هەروەک ڕوونە کولتوور بە هەموو واتا فراوان و ئاڵۆزییەکانی هەمیشە لە گۆڕاندایە و پێناسی نوێی بۆ دروست دەبێت، هەر بۆیە بەدیاریکراوی لە دوای پرۆسەی کۆلۆنیاڵی جۆرێک لە گۆڕانی کولتووری بەرهەمهات و لەگەڵ پۆستمۆدێرنەدا ئەم گۆڕانی کولتوورییە شێوەی گرت، بە جۆرێک وای لە تاک کرد زیاتر بیر لە کۆچ بکاتەوە. هەروەها بیری توندڕەوی تا

ئاستی دەسەڵات مەبەستی لە دروستبوونی هێزێکی فێندەمێنتاڵ و دەمارگیری وەک داعشە، کە لە قۆناغێکی دیاریکراو وا لە خەڵکی عێراق و سووریا بکەن بژاردەی کۆچ بگرنەبەر، ئەم کۆچەش دوو ئاراستەی گرت، ناوەخۆیی و دەرەکی. مەبەست لە ویستی ئازادی تاک، شێوازی ژیانی تاکە هەست دەکات چی دیکە ئێرە شوێنی ژیان نییە بۆ ئەو بۆیە ناچارە کۆچ هەڵبژێرێت.

ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی شیکاری و ئەو داتایانەی، کە ناوەندە فەرمی و توێژینەوەکان جەختیان لەسەرکراوەتەوە دەبەستێت و گۆڕانە کولتوورییەکان وەک هۆکارێک بۆ کۆچکردن و هەڵبژاردنی شێوازی ژیانی تاکەکەس لە قەڵەم دەدرێن، هەروەها کاریگەریی پاڵەوانی کولتووریی بۆ کۆچ لە عێراق بوونی هەیە، کە خۆی لە سەرۆکی خێڵ و سەرۆکی ڕەوەت و گروپەکاند دەبینێتەوە، هاوکات لەناو تەریقەتەکانیشدا بوونی هەیە. بێگومان ئەمانەش ئەو بۆشاییانەن ئەم توێژینەوەیە تیشکییان دەخاتەسەر.

**کلیلە وشەکان:** گۆڕانی کولتووری، کۆچ، پاڵەوانی کولتووری، داعش.

## پێشەکی

دیاردەی کۆچکردن لە کاتی ئێستادا بە یەکێک لە پرسە جەوهەرییەکانی جیهان دادەندرێت، کۆمەڵگەی عێراق و هەرێمی کوردستانیش وەک هەر شوێنێکی دیکە دیاردەی کۆچ تێیدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە لە هۆکارە کولتوورییەکانی ئەم دیاردەیە بکۆڵێتەوە لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئارگیۆمێنت و داتای بەردەست، وەک: پاڵەوانی کولتووریی، جیاوازی کولتووریی و توندوتیژی ئایینی و ئەو داتایانەی بەردەست خراون لە ناوەندە فەرمییەکان. سنووری ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە کۆمەڵگەی عێراقی، کە بەرکۆڵێک لە مێژوویی کۆچ لە عێراقدا لە سەدەی بیستەم و پاشان لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا بەدیاریکراوی لەنێوان ساڵانی (٢٠١٤- ٢٠١٧)، لەم توێژینەوەیەدا هۆکارەکانی کۆچ لەو قۆناغەدا ڕەنگیداوەتەوە، بەتایبەتی هەڕەشەی ڕەوتێکی توندوتیژی ئایینی هۆکاری بنەڕەتی بوو بۆ کۆچ لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و دەرەکی، ئاماژەی داتاکان بەرەو ئەوەمان دەبەن، کە کۆچ وەک مەترسییەکی هەمیشەیی و بەردەوام لە عێراقدا دەبیندرێت، بە دیاریکراوی لەنێوان ساڵانی (٢٠١٤- ٢٠١٧)دا.

**گرنگی توێژینەوە:** دیاریکردنی هۆکارە کولتوورییەکانی کۆچە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، چونکە ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر گۆڕانی کولتووری و لەپاڵیشیدا دەرکەوتنی پاڵەوانی کولتووری وەک هۆکارێکی تر لە دیاردەی کۆچ دەکات.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، پیشاندان و خستنەڕووی هۆکارە کولتوورییەکانی کۆچ، بەو پێودانگەی لە دەمی ئێستاشدا ئەم دیاردەیە بەردەوامە و لێکەوتەکانیشی لەسەر کۆمەڵگەکان بە چەندین جۆر شڵقی گرتووە.

پرسیاری توێژینەوە: لە ڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەمانەوێت دەربیخەین، گۆڕانی کولتووری تا چەند لە عێراقدا ڕەنگیداوەتەوە و چۆن لە کۆچدا وێنا و شێوەی گرتووە؟ توندوتیژی ئایینی تا چەند پاڵی بە تاکی عێراقییەوە ناوە، کە ڕێگەی کۆچکردن بگرێتەبەر ؟ ڕەنگدانەوەی پاڵەوانی کولتووری لە کۆچدا چییە؟

**ڕێبازەکانی توێژینەوە:** لەمیانی ئەم توێژینەوەیەدا، ڕێبازی وەسفی-شیکاری بە پشتبەستن بە ژێدرە بەردەستەکان بەکارهاتووە، هاوکات بۆئەوەی دەرئەنجامێکی پوخت و ڕاست بەردەست بخەین، هاتووین وەک کۆڵەگە ئامارە فەرمییەکانمان وەک بەڵگە شیکردووەتەوە و لەگەڵ هۆکارەکاندا تەبامان کردووە، دواتریش خوێندنەوەیەکی نوێ و هەنووکەییمان بۆ کردووە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دوو تەوەرە دەدۆزێتەوە، لە تەوەرەی یەکەمدا ئاوڕی لە دیاردەی کۆچ داوەتەوە، بە پاشخانێکی مێژوویەوە. کە چەمکی کۆچ و دەرکەوتنی باسکردووە، هاوکات کۆچ لە عێراقدا لەنێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧)دا، بەشێکی پێکهێنەری ئەم تەوەرەیە، هۆکارەکانی کۆچ لە کۆمەڵگەی عێراق، کە خۆی لە چەند هۆکارێکی بنەڕەتی دەدۆزێتەوە لە چوارچێوەی ئەم تەوەرەیەدا باسی لێوەکراوە، هەرچی پەیوەستە بە تەوەرەی دووەم، تیشکمان خستۆتەسەر کولتوور و گۆڕانی کولتووری، هەریەکە لە پاڵەوانی کولتووری وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان لە دیاردەی کۆچ شرۆڤەمان بۆی کردووە، پاشان فەندەمێنتالیزمی ئایینی و لێکەوتەکانی لەسەر دیاردەی کۆچدا، لە چوارچێوەی ئەم تەوەرەیە خراوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. دواجار لە کۆتاییدا لەمیانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووین.

**تەوەرەی یەکەم: کۆچ لە عێراقدا:**

**١-١. چەمکی کۆچ و دەرکەوتنی**

بنەچەی وشەی کۆچ لە لاتینیدا بریتییە لە وشەی (Immigrate)، کە واتای بۆ لای من دێت، یاخود پەنام بۆ دەهێنێت، لە دوو بڕگە پێکدێت (Im) و (Migrate)، بە واتایی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونی ڕەسەن، ئەم وشەیە لە وشەی (Emigration) داتاشراوە، لە ساڵی (١٧٥٢) بەمانای کردەی جێهێشتنی وڵاتی کۆچگە (الأصل) دێت. ئەوەی تایبەتە بە کردەی کۆچ بەمانای چوونە ناو وڵاتێکی بێگانە تاڕادەیەک نوێیە (حکیم، ٢٠٢١: ٨). مرۆڤ لەوەتەی پێی ناوەتەسەر ئەم زەوییە، دووچاری کێشەی ڕاگواستن و کۆچککردن بووەتەوە، بڵاوبوونەوەی شارستانییەتەکان و فراوانبوونی قەڵەمڕەوییەکانییان دیاردەی کۆچییان لەگەڵ خۆیاندا هێناوە، هەر وەک زۆرێک لە ئیمپراتۆرییەتەکان و دەوڵەتەکان بە هۆی داگیرکردن و نیشتەجێکردنی خەڵکێکی ڕاگوێزراو، لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە درێژەیان بە قەڵەمڕەوێتی خۆیان داوە (تەنیا، ٢٠٠٢، ل ١١، ١٢).

کۆچکردن مافێکی ئاسایی مرۆڤە، هەروەک ئەوە سەلمێندراوە، کە کۆچکردن و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون بووەتە سوننەتی ژیان و لە هەموو سەردەمەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە، لە بنچینەشدا بە گوێرەی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، کە لە ڕێکەوتی (١٠ی ١٢ی ١٩٤٨)دا دەرچووە، ژیانگوزەراندن لە هەر شوێنێکی جیهان مافێکی ئاسایی مرۆڤە. لە ناو هەر کۆمەڵگەیەکیشدا بەشێك لە تاکەکان ویست و ئارەزوویان لە جێهێشتنی زێد و نیشتیمانی خۆی بەرەو ناوچەیەکی تر، یاخود وڵاتێکی نوێ تێیاندابەدی دەکرێت، هەربۆیەشە دیاردەی کۆچ لە کۆنیشدا هەبووە و لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هۆکاری ناوەخۆیی و دەرەکی ڕوویداوە (ئەلحەبیب، خەشانە، ٢٠١٦، ل ٢٧). ئەمڕۆ کۆچ بەرگی دیاردەیەکی جیهانی وەرگرتووە و پێوەند و گرێدراوە بە زۆرێک لە بارودۆخەکان لەوانە: بارودۆخی سیاسیی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە...، هەر وەک توێژەر (Mark J.Miller – 1955)، ئەوە دەخاتەڕوو، کە بەبێ ئەوەی بیر لە دیاردەی کۆچ بکەینەوە، زۆر ئەستەمە خۆمان لە قەرەی هەر ڕووداوێکی جیهانی بدەین. لێکۆڵەر (Mecheal Parfit – 1945)، لە ڕاڤەکردنیدا بۆ چەمکی کۆچکردن هێما بۆ ئەوەدەکات "کۆچ بریتییە لە بوونی خۆشگوزەرانی و سەربەستی، هەلی کار و کرێی باش، ژینگەیەکی فەراهەم، ئاشتی ڕاستەقینەی ناوچەیەک یان دەوڵەتێک دەبنە هێزی ڕاکێشان بۆ ڕاکێشانی خەڵکانی بیانی، هاودەم هێزە پاڵپێوەنەرەکانیش خۆیان دەدۆزنەوە لە: کەمی ئیشوکار و دەرامەتی کەم، سەرکوتکردن، چڕی دانیشتووان، زەبر و زەنگ و شەڕ و ئاژاوە..." (جەبار، ٢٠٠١، ل ٧، ١٥). لێرەدا پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان هەریەکە لە کۆچی زۆرە ملێ، کە تێیدا کەسانی پەیوەندیدار هیچ دەسەڵاتێکیان نییە لە بڕیاردان یان مانەوەدا. ئەوەی گرێدراوە بە کۆچی ناچاری، کە تێیدا دەسەڵاتی لەو شێوەیەیان هەیە، بەڵام مەیلییان بۆ کۆچکردن هەر

هەیە بۆ خۆڵادان لە زۆرێک لە زیان و مەترسییەکان ڕەنگە لە ئەنجامی بڕیاردانی مانەوەدا بێتە ئاراوە (خضر، محمد، ٢٠٢٠، ص ٦٩٠). هەروەها دوو جۆری دیکەی کۆچمان هەیە، ئەوانیش کۆچی کاتی: بریتییە لە گواستنەوەی جوگرافی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، پاشان کۆچبەران دەگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان (وەک کۆچی هێزی کار). هەرچی لەبارەی کۆچی هەمیشەییشەوەیە ئەوا ئاراستەی کۆچبەر بەرەو نیشتەجێبوونە بۆ ماوەیەکی نادیار، پاشان لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کۆچی بۆ کردووە تێکەڵ دەبێت و بەم شێوەیە کۆچەکە لە کاتییەوە دەگۆڕێت بۆ هەمیشەیی (راضي، ٢٠٢٢، ص ١٢٢). لێرەدا ئەوە بەرجەستە دەبێت کە کۆچکردن دەبێتە کێشە و گرفتێکی دیاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری، کولتووری لەسەر ئاستی جیهانی، تاوەکو ڕۆژگاری ئەمرۆشمان دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی دیاردەی کۆچکردن درێژەیان هەیە.

لە سەدەی بیستەمدا بە هۆکاری ڕوودانی دوو جەنگی جیهانی گەورە و چەندین شەڕ و ململانێی هەرێمایەتی و جیهانی، سەرەڕای ئەوەش زۆربوونی توندوتیژی و سەرهەڵدانی بێکاری و نادادی، هەروەها کەمبوونەوەی داهات و خراپبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکی، ئیتر کۆچکردن بووەتە دیاردەیەکی زەق و وڵاتانی جیهانی سێیەم، بە لێشاو بەرەو دەوڵەتانی پێشکەوتووی ئەوروپا، ئەمریکا و ئوسترالیا کۆچییان کرد و لەوێ نیشتەجێبوون (ئەلحەبیب، خەشانە، ٢٠١٦، ل ٢٧).

**١-٢. کۆچ لە عێراقدا ٢٠٠٣- ٢٠١٤:**

دیاردەی کۆچکردن، چ دەرەکی یاخود نێوخۆیی، بە درێژایی سەدەی بیستەم، تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی عێراقی بووە. داینامیکی سیاسی وڵات هۆکاری سەرەکی و پاڵنەر بوو، کە عێراقییەکان لەماڵەکانیان دوورخستەوە. کۆچی زۆرەملێ ئامرازێک بوو، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی پێکهێنانی دەوڵەتدا بەکارهێنرا؛ دواتر بوو بە سیستماتیک، تەکنیکێک بۆ پاراستنی کۆنترۆڵی سیاسی وەکو کورد و شیعە و کۆنترۆڵی ئابووری وەک بەعەرەبکردن بەکاردەهێنرا. لە هەمان کاتدا، سروشتی توندوتیژی سیستەمە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق، بەڵێنی ئاسایش لە شوێنەکانی دیکەی کردە فاکتەری ڕاکێشان بۆ عێراقییەکان، کە لە ماڵەکانیان هەڵدێن، هەرچەندە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی گروپە عێراقییەکان زۆرجار ڕێگری لە ئاوارەبوونی بەرفراوان دەکرد لە زۆرێک لە ناوچەکان، لە لایەکی دیکەوە هێرش و لەشکرکێشی عێراق بۆ سەر کوێت و گەمارۆی ئابووری لە ساڵی ١٩٩٠ تا ٢٠٠٣ بەشداری کرد لە گەشەکردنی کۆچی نێودەوڵەتی. زۆرێک لە گەنجە خوێندەوارەکان، سەرەڕای تێچوون و مەترسییەکانی کۆچکردن، ڕۆیشتن بۆ ئەوەی بەدوای سەلامەتی و دەرفەتی ژیانی باشتردا بگەڕێن. توندوتیژی دەسەڵاتی (سەددام حوسێن) و سەختی ئابووریی هۆکاری سەرەکی و پاڵنەر بوون لەم قۆناغەدا. هەروەها شەڕی دووەمی کەنداو بووە هۆی کۆچی گەڕانەوەی نزیکەی دوو ملیۆن کرێکاری عەرەب بۆ میسر و سودان (Ozaltin, Shakir and Loizides, 2019, p 595) ).

ئەوە ڕوونە، کە ساڵی ٢٠٠٣ خاڵێکی وەرچەرخانە سەبارەت بە مێژووی عێراق، هێزی هاوپەیمانان بەسەرکردایەتی ئەمریکا عێراق داگیردەکەن و دەسەڵاتی بەعسییەکان کۆتایی دێت و دۆخی سەقامگیری، ئاسایش و ئارامی هاوتەریب دۆخی ئابووریش لە زۆرێک لە ناوچەکان بەرەو خراپی هەنگاودەنێت، ئەمەش وای لە هەندێک لە پێکهاتە یاخود کەمینەکان لەوانە: مەسیحییەکان کە ڕێژەی ٪ ٥، لە کۆی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن، ئێستا ڕێژەکەیان بۆتە ٪٣، بە هۆکاری بە ئامانجگرتنیان لە لایەن تیرۆرستان و چەکدارانی توندڕەوەوە، هەندێک لە سابیئە و مەندائییەکان لە ناوچەکانی باشوور وەک پارێزگای میسان نیشتەجێنە، بەشێک لەم پێکهاتانە کە گیرۆدەبوون بەدەست خراپی ئاسایش و نائارامی کۆچ دەکەن بۆ ناوچەکانی کوردنشین لە نموونەی شاری دهۆک، بەشێکی دیکەیان کۆچیانکرد بۆ وڵاتانی هەر یەکە لە کیشوەری ئەوروپا، ئوسترالیا و ئەمریکا (جبوری، ٢٠١٧، ص ٥٧، ٥٨)، سەبارەت بە ئەمریکا وەک وڵاتێکی ( Melting

Pot)، کە هەموو چەشنە نەتەوەیەکی کۆچەری تێدا کۆدەبێتەوە و دواجار هەموویان تێکەڵ دەبن، بە واتەی کۆمەڵگەی جیهانی (Universal) (شتراوس، ٢٠٢٤، ل ٧٨).

ساڵانی دوای (٢٠٠٣) جووڵەیەکی گەورەی دانیشتووانی بەخۆیەوە بینی، کە لە ئەنجامی کۆچ و کۆچبەریی زۆرەملێی دانیشتووانەوە بوو، بەهۆی توندوتیژیی ڕوو لە هەڵکشان بوو لەو ناوچانەی کە لە میدیاکاندا بە "ناوچە گەرمەکان" ناسراون. دیمەنی دیاری عێراق شاهیدی تەقینەوە خۆکوژییەکان، تاوانی کوشتنی دڕندانە و هەڕەمەکی دژی هاووڵاتیانی مەدەنی بوو، کە گەیشتە لووتکە، دوای تەقاندنەوەی مەزارگەی دوو ئیمام عەسکەرییەکە لە سامەڕا لە (١٨ی شوباتی ٢٠٠٦). ئەم ڕووداوە وەرچەرخانێکی گەورە بوو، کە دوای ئەوە دیاردەی کۆچی زۆرەملێ، ڕەهەندی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی وەرگرت، تەنانەت ساڵی (٢٠٠٦) بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی کوژراوان و برینداران و ئاوارەکان، بە ساڵی کارەساتی مرۆیی لە عێراقدا ناوزەد کرا. بەپێی ڕاپۆرتی نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی عێراق (یۆنامی)، کۆی گشتی ئەو هاووڵاتییە مەدەنییانەی، کە تەنها لە مانگەکانی تەمموز و ئابی هەمان ساڵدا کوژراون گەیشتووەتە (٣٤,٤٥٢) کوژراو و نزیکەی (٣٦,٩٨٥) بریندار، هەروەها بەپێی سەرچاوە فەرمییەکانی عێراق، ژمارەی ئاوارەکانی ناوەخۆ لە ماوەی چەند مانگی دوای ڕووداوەکانی سامەڕا گەیشتە نزیکەی (٢٤٦,٣٣٧) خێزان (هادي، العكيلي، ٢٠٢٢: ٩٠٦). شاری بەغدادی پایتەخت بەرزترین ڕێژەی لە خێزانە ئاوارەبووەکان تۆمارکردووە (عزيز، منذر، ٢٠٢٤: ٣٣٧)، کە ڕێژەکەی گەیشتبووە بە (١,٢٥٩,٨٠٤) کۆچبەر، ئەمەش وای کردووە، کە لە نێوان پارێزگاکاندا پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت، بەهۆی بەرزیی ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی، کە لێیەوە دەڕۆن و بۆی دێن، چونکە پایتەختی سیاسی و ئیداری و ناوەندێکی ئابووری و ڕۆشنبیریی دەوڵەتە. لە دوای ئەویش پارێزگای بەسرە دێت بە پلەی دووەم، کە (٦٠٨,٢٥٩)ی کۆی گشتیی کۆچی ناوخۆیی بەرکەوتووە، ئەمەش لە ئەنجامی چالاکییە ئابوورییەکانی و دامەزراوە بازرگانییەکانی، کە توانای لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆری هێزی کاریان هەیە، سەرباری بەرزیی قەبارەی دانیشتوانەکەی، پارێزگای هەولێر بە پلەی سێیەم هات بە ڕێژەی (٤٠١,٨٣٧) کۆچبەر، ئەم بەرزبوونەوەیەش بەوە لێکدەدرێتەوە، کە پارێزگای هەولێر ناوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و بە پایتەختی هەرێم دادەنرێت، ئەمەش وایکردووە کە پشکێکی زیاتری لە خزمەتگوزارییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئیدارییەکان هەبێت (هادي، العكيلي، ٢٠٢٢، ص ٩٠٩).

لە نیوەی دووەمی ساڵی (٢٠٠٩)دا بارودۆخی عێراق گۆڕا دوای سەقامگیربوونی ئاسایش و کۆتاییهاتنی قۆناغی توندوتیژیی تائیفی؛ بە جۆرێک، کە خێزانە عێراقییەکان دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ ئەو ناوچانەی لێی ئاوارە ببوون بۆئەوەی ژیانی ئاسایی خۆیان تێدا دەستپێبکەنەوە، کۆمسیۆنی باڵای کاروباری پەنابەران ڕایگەیاند، کە دۆخی ئەمنی بە ڕادەیەک باش بووە، ڕێگە دەدات چیتر ئەو کەسانەی لە زۆربەی ناوچەکانی ناوەوەی عێراق ئاوارە بوون وەک ئاوارە سەیر نەکرێن. ئەو خێزانانەش، کە کۆچیان کردبوو بۆ وڵاتانی دراوسێ، دەستیان کرد بە گەڕانەوە بۆ ناوچەکانیان و ژیان و کارەکانیان بە شێوەیەکی ئاسایی دەستپێکردەوە و پێکەوەژیان لەنێوان هەموو دانیشتوواندا بە جیاوازیی پێکهاتەکانیانەوە گەڕایەوە (عزيز، منذر، ٢٠٢٤، ص ٣٣٧).

**١-٣ هۆکارەکانی کۆچ لە عێراقدا ٢٠١٤- ٢٠١٧:**

بزوتنەوە ئایینییە نوێکان بەتایبەتی دوای پەرەسەندنی سیستەمی سیکۆلار لەنێو دەزگا سیاسییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵاتییەکان، زیاتر پەرەیانسەندووە و لە زۆربەی وڵاتاندا ڕەنگ و ڕووخسارێکی توندوتیژانەی بەخۆوە گرتووە. لە نموونەی ئەم توندوتیژیانە لەپاش ڕووداوی ١١ی سێپتێمبەری٢٠٠١، دەبینین، کە لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا بووەتە سەرچاوەیەک بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئایینییەکانی وەک ڕێکخراوی(ئەلقاعیدە)، (داعش) و(بۆکۆحەڕام)...(غولامی، ٢٠١٧، ل ١٢- ١٣)،

سەبارەت بە عێراق ڕێکخراوی داعش لە ساڵی (٢٠١٤)دا، کارە تیرۆرستییەکانی لە سووریاوە دەستپێکرد و سنووری عێراقی بەزاند، کە ناسنامەی ئەندامەکانی بە زۆری عێراقی و سووری بوون، سەرەتا وەک دەوڵەتێکی نوێ بە ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)، خۆی ناساند، ئەندامەکانی دیکەشیان هەڵگری ناسنامەی جیاوازبوون وەک: ئەوروپی، ئێرانی، تورکی، ئەمریکی ...، بۆیە بە ئاشکرا ڕەگەزی نێودەوڵەتی بە تاوانەکانی داعشەوە دیارە و دووپاتکردنەوەی پاڵپشتیی و بەڵێن لە لایەن کەسانی هەڵگری ناسنامە جیاوازەکانەوە بۆ کارە توندئاژۆکانییان خاسیەتێکی نێودەوڵەتیی وەرگرت (تاهیر، ٢٠٢٥، ل ١٢٢)، ئەم قۆناغە بە خراپترین قۆناغ لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا وەسف دەکرێت، بەهۆی شەپۆلی ئاوارەیی و کۆچی بەرفراوانی بێوێنە، دوای هاتنە ژوورەوەی چەکدارانی گروپی تیرۆریستی داعش بۆ پارێزگا ڕۆژئاواییەکان و بەشێک لە پارێزگاکانی باکوور و ناوەڕاست لە حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤) ڕوویدا، ئەو دەرئەنجام و شوێنەوارە مەترسیدارانەی کە لەسەر ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەی بەجێیهێشت. مەترسییەکەی تەنها لە لایەنی مرۆیی و ئەو ئازارانەی، کە ئاوارەکان دەیچێژن کورت نابێتەوە، بەڵکو شوێنەوارە نەرێنییەکانی هەموو ئاست و ڕەهەندە کولتووری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دیمۆگرافی و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکانی گرتەوە. بەپێی دوایین ئامارەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، ژمارەی ئاوارە و کۆچبەرە ناوخۆییەکان لە عێراقدا لەم قۆناغەدا گەیشتە (٤،٥٠٩،١٤٠) کۆچبەر، کە دەکاتە ڕێژەی (١١.٢%)ی کۆی دانیشتوانی وڵات (هادي، العكيلي، ٢٠٢٢، ص ٩١٠).

**بەم چەشنە دەکرێت هۆکارەکانی کۆچ لە چەند خاڵێکدا دەربخەین لەنێوان ساڵانی (٢٠١٤– ٢٠١٧):**

١. هۆکارە سیاسییەکان: بریتییە لەهەموو ئەو هۆکار و فاکتەرە سیاسییانەی کە ناسەقامگیری و ئاڵۆزی سیاسی و خراپی دۆخی دیموکراسی و خراپی شێوازی حکومڕانی و دەسەڵاتی ستەمکار و ڕوودانی جەنگ و ئاڵۆزی ناوخۆیی و نەبوونی ئازادی سیاسیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە لە ئەنجامدا تاکەکان ناچار دەکات لە واقیعی سەپێندراوی وڵاتەکەیان هەڵبێن و بگەڕێن بەدوای شوێنێکی گونجاوتر و سەلامەتتر، یاخود دۆزینەوەی شوێنێک، کە لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی دیموکراتدا بەئازادی حکوم بکرێن.

٢. هۆکارە ئابوورییەکان: بریتییە لەنەبوونی هەلی کار و ناسەقامگیری ئابووری و نەبوونی یەکسانی ئابووری، ئەمەش تاک و گروپ و خێزانەکان هاندەدات بۆ گەڕان بەدوای میکانیزمێکی بەدیلدا، کە تیایدا هەلی کاری نوێ و ژیانێکی باشتریان لە ڕووی ئابوورییەوە بۆ فەراهەم بکات، ئەوەش بە گواستنەوە لە زێدی خۆیانەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، چ لە ناوخۆی وڵات بێت یاخود لە دەرەوە (درەو میدیا: ٢٠٢١).

٣. شۆڕشی تەکنەلۆژی و زانیاری: فراوانبوونی تەکنەلۆژیا و هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لە ڕێگەی میدیای سەردەمەوە ئاشنابوون بە ئارامی و خۆشگوزەرانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەوەش هەستی ڕازینەبوون بۆ دۆخی ئێستای لای تاک دروستکردووە، ئەندامانی کۆمەڵگە چیتر پابەندی کولتووری خۆماڵی کۆمەڵگەکانی خۆیان نابن و وێڵی ناسنامەیەکی نوێی جیهانی دەبن (نجم الدين، فرج، ٢٠٢٥، ل ٣٤، ٣٥).

٤. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان: خۆیان دەبیننەوە لە بوونی دەستدرێژی نەتەوەیی و ئایینی و ئیتنی، یاخود لە بەردەوامی هەبوونی دیاردەی ڕەگەزپەرستی، ئەمە وا لە تاک و کۆمەڵەکان دەکات، کە بە دوای ناوچەیەکی باشتر و گونجاوتردا بگەڕێن بۆ ژیانکردن، کە تیایدا دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی و بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی تیادا فەراهەمبێت (هادي، العكيلي، ٢٠٢٢، ص ٩٢٢).

٥. هۆکارە سروشتییەکان: ئەم هۆکارانە زۆرتر خۆیان دەبیننەوە لە بەردەوامی ڕوودانی ئەو کارەساتە سروشتییانەی بەسەر شار و شارۆچکەکاندا دێن، سەرئەنجام دەبنە هۆی نیمچە وێرانبوون یاخود وێرانبوونێکی تەواو لە نموونەی کارەساتەکانی کەمئاوی، خۆڵبارین، زریان، لافاو و زەمینلەرزە، بۆ نموونە بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێ و نەخۆشییە گوازراوەکان لە

ڕێگەی ئاوەوە لە (١٤٥) ناوچە، کە دابەشبوونە سەر (٩) پارێزگا لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە (٢١، ٣١٤) کەس، کۆچیان کردووە (خەڵەف، ٢٠٢٢، ل ٧٧).

٦. هۆکارە دەرەکییەکان: ئەمانەش بریتیین لەهۆکارە ڕاکێشەرەکان لە دەرەوەی سنوورەکان، وەک بینین و وێناکردنی بەدەستهێنانی ژیانێکی شایستە و ڕەفاهیەت لە دەرەوەی وڵاتی دایک. یاخود بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان و هەستکردن بە بەدەستهێنانی ژیانێکی شەرەفمەندانە لەسایەی دادی کۆمەڵایەتیدا...هتد). بێگومان هەموو ئەمانە لە دەرەوەی سنوورەکان، دەبنە فاکتەری ڕاکێشەر بۆئەوەی تاک لە وڵاتەکەی خۆیەوە ڕابکێشن بۆ وڵاتێکی دیکە، دەزگای (لوتکە بۆ کاروباری پەنابەران)، کە ڕێکخراوێکی ناحکومی مرۆییە و پێشتر لەژێر ناوی (فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی) کاری کردووە، ئاماری مەترسیداری لەبارەی کۆچبەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاوکردووەتەوە، بەپێی ئامارەکانی دەزگاکە؛ ئامارەکانی قوربانییانی عێراقی کە لە ڕێگای کۆچی نائاسایدا لە ماوەی (٢٠١٥–٢٠٢١) بوون بە قوربانی و زۆرینەیان خەڵکی هەرێمی کوردستانن و (٤٥٨) کەسن، هاوکات هەر بەپێی ئامارەکانی دەزگای ناوبراو لە ماوەی نێوان ساڵی (٢٠١٤–٢٠٢١) لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا نزیکەی (٦٩٣) هەزار عێراقی داوای مافی پەنابەرییان لە وڵاتانی ئەورووپا کردووە، بەدەر لەو کۆچبەرانەی تەمەنیان لە خوار (١٨) ساڵەوەیە یان داوانامەی سیاسییان پێشکەش کردووە (درەو میدیا: ٢٠٢١).

**تەوەرەی دووەم: کولتوور و گۆڕانی کولتووری**

**١–٢ کولتوور Culture**

کولتوور، چەندان پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە و نزیکییەکی زۆریش هەیە لە نێوان پێناسە جیاوازە بۆ کراوەکان، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە سەرجەمیان هەندێک خەسڵەتی هاوبەش دەبینرێت، وەک زمان، باوەڕ و بەها. کولتوور ئەدگار و سیمای کۆمەڵەیەکی خەڵکە لە چوارچێوەی گروپ و کۆمەڵبوونی وەک نەتەوە، دەکرێت نەتەوەی کورد وەک خاوەن کولتوورێکی سەربەخۆ وەربگرین کە مرۆڤەکانی ناوی لە زمان، باوەڕ، بەها، ئایین، ڕەفتار و سایکۆلۆژیای هاوبەشن.

زمان ئەوەندە گرنگە لە بوونی کولتوورێکی دیاریکراودا، زۆرجا ئەستەمە قسەکردن لەسەر یەکێکیان بەبێ ئاوڕدانەوە لەوەی تر، بۆیە لە نێوان زمان و کولتوور پەیوەندییەکی بەهێز هەیە و هیچ کامێکیان بە تەنیا گەشەی تەواو ناکات و پێوەستن بەیەکەوە. کولتوور هۆکارێکی بەهێزە بۆ زیندوومانەوەی زمان، لە هەمان کاتدا زمان هەوێنی نیشاندانی دەوڵەمەندی و زیندوویەتی کولتوورە (باپیر، ٢٠٢٢، ل ٣٣).

کولتوور بە یەکێک لە دیاردەکانی بنیادی هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی دادەنێرێت، بەو واتایەی، کە هیچ کۆمەڵگەیەک نییە لەم گەردوونە بەرفراوانەدا خاوەنی کولتوورێک نەبێت، کە هەڵگری سیمای هاوبەشە لەنێوان تاکەکانیدا. لەناو پێناسە زۆر و زەوەندەکان بۆ کولتوور و لەنێو پێناسە کۆن و نوێکاندا، پێناسەکەی (تایلۆر ١٨٣٢– ١٩١٧ E. B. Tylor)ی مرۆڤناسی ئینگلیزی گشتگیرتر دەرکەوتووە، ئەو پێی وایە: کولتوور، گشت/کۆمەڵێکی ئاڵۆزە لە زانین، باوەڕ، هونەر، ڕەوشت، یاسا، نەریت، توانا و خووەکانی دیکەیش لەخۆدەگرێت، کە خەڵک لە ژیاندا بەدەستی هێناوە (میران، ٢٠٢١، ل ٦٧ ؛ Tylor , 1871). ڕێکخراوێکی وەک یونیسکۆ بەم شێوەیە کولتووری ناساندووە: بریتییە لەو خەسڵەتە مەعنەوی و ماددی و هزری و سۆزمەندیانەی، کە شوناس دەبەخشێتە گروپێکی کۆمەڵایەتی یاخود کۆمەڵگەیەک، ئەم کولتوورە هونەر و وێژە و باوەڕ و شێوازی پێکەوەژیان و مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە (ڕەشید، ٢٠١٦).

لەو سۆنگەیەوە، کولتوور لە کۆمەڵگەی عێراقدا بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت وا وێنا بکرێ وەک کۆمەڵێک بیر، هەست، ڕەفتاری هاوبەش و لەگەڵ کۆپێیەندییەکی نەریتی هەڵقوڵاو لەناو جڤاک. لە کۆمەڵگەی عێراقیدا هەردوو جۆری کولتوور؛ ماددی و نامادی بوونی هەیە، هەر لە باوەڕ بگرە تا جل و بەرگ وەک بەشێک لە کولتووری هاوبەش.

کاتێک باس لە جۆر و شێوەکانی کولتوور دەکرێت، لەوێوە کولتوور دەبێت بە هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ کۆچ بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەک فرەکولتوور، ژینگەی کولتووری، جیاوازی کولتووری و گۆڕانی کولتووری. جیاوازی کولتووری  بە یەکێک لەو هۆکارانە دەبیندرێت، کە وا لە مرۆڤ دەکات زێدی خۆی جێ بهێڵێت و کۆچ بکات، ئەوەش لە کاتێکدایە بوونی فرەیی لە کولتوور جیاوازی لە کولتوور بەرهەم دێنێت، کە ئەمە خاڵێکی پۆزەتیڤ/ ئەرێنییە بۆ هەر وڵاتێک، بەڵام ئەم جیاوازییە لە کولتوور جۆرێکیش لە دژبوون و داپڵۆسین و توندڕەوی لێ بەرهەم دێت، دەشێت شارەکانی کوردستان و عێراق، بە تایبەت شاری کەرکووک نمونەی زیندووی ئەو جۆرە ئەرێنیبوونی جیاوازی کولتووری بێت، هاوکات لەگەڵ کۆچکردنیش لە یەک قۆناغدا. لەسەر ئاستی دنیاش لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە جۆرێک لە قسەکردن هاتەکایەوە بەوەی ناکرێت کولتووری خۆرئاوایی ببێت بە سەنتەر، چونکە هەموو گەلانی دنیا خاوەنی کولتووری تایبەت بە خۆیان، هەر ئەم شێوەگرتنی کولتووری خۆرئاواییەش بوو، وای کرد لە تەواوی جیهان خەڵکانێک کۆچ بۆ خۆرئاوا بکەن. جیاوازی کەلتووری لە ناوەخۆ ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە زۆربوونی شەپۆلەکانی کۆچ لە نێوان وڵاتان، لەوانە هاوبەشی زمان، تایبەتمەندی کەسی، بەها و ئایین، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هۆکارن، بۆیەشە وا دادەنرێت، کە نزیکی کەلتووری نێوان دوو کەس یان وڵات بە تێپەڕبوونی کات هاوکولتووری یان کولتووری نوێ دروست دەکات ( Lanati & Venturini, 2021, p 2).

ژینگەی کولتووری  هۆکارێکی کاریگەرە و بوونی هەیە بە تایبەت لە سەردەمی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا لە کومەڵگەکاندا، بۆیەشە زۆرجار وەک هۆکاری کۆچ دەبیندرێت. پەیوەندیی نێوان ژینگەی کولتووری و کۆچ پەیوەندییەکی تێکەڵ و بەیەکەوەییە، چونکە بەهۆی کۆچکردنی خەڵک لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر ژینگەی کولتووری دەگۆڕدرێت، لە پانتایی باسی ژینگەدا لەم کۆتاییانە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما دێتە پێشەوە، کە بابەتێکی زیندووی جیهانییە، بۆیە ئەمەش پێدەنێتە بڵاوبوونەوەی شێوەکانی دیکەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و جۆرێک لە ڕۆشنبیری لای خەڵك وەک پاڵنەرێک بۆ کۆچ دەبیندرێت، چونکە لە سەردەمی زیادبوونی دیاردەی کۆچ و پەنابەریدا، بابەتەکانی گواستنەوەی ڕەفتار و کولتووری دیکە، یان کولتوورە جیاوازەکان، لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دیکە، بووەتە جێی بایەخ و ئاوڕلێدانەوە (ئەسوەد، ٢٠٢٥).

### ٢-٢ گۆڕانی کولتووری Culture Change

گۆڕانی کولتووری، مەبەست لێی ئەو گۆڕانکارییانەیە لە ناوەڕۆک و پێکهاتەی کولتوورێک بە تێپەڕبوونی کات. مەبەستی گۆڕانەکان لە ڕەگی شێواز و پابەندی و بەهاکاندایە، کە دەشێت ڕۆژگارێک بۆ تاکێک باوەڕ و بەهاکان شتێک بووبن و ئێستا وێنا و شتێکی دیکەن، ئەمەش پەیوەندییەکی تۆکمەی هەیە بە باوەڕەکان، کە سەردەمانێک گوڕان تێیاندا ئەستەم بوو، ئەم پرۆسەیەش بە شێوەی ناخێرا و هەنگاوە یەک لەدوای یەکەکان، گۆڕانی لە کولتوورەکان دروست کرد لەناو نەتەوە و کۆمەڵگەکاندا، تا ئاستی کوچ. گۆڕانی کولتووری هەموو گۆڕانەکان لەخۆدەگرێت، کە لە هەر بەشێکی کولتووردا ڕوودەدەن، وەک هونەر و زانست و تەکنەلۆژیا و ئەو گۆڕانکاریانەی، کە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ڕوودەدەن، هەموو گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی بەرئەنجامی گۆڕانی کولتوورییە (ڕەشید، ٢٠١٦).  ئەوەی وا دەکات گۆڕانی کولتووری بێتە کایەوە هەر تەنیا هۆیەک نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆرە وەک: (بڵاوبوونەوە، دانیشتوان، کۆچ،

سیستەمی سیاسی، دۆخی ئابووری و تەکنەلۆژیا) (شوانی، ٢٠٢٣). هەر یەکە لەوانە بە ئەندازەی خۆی کاریگەریان هەیە بەسەر گۆڕانی کولتووری و دواجاریش ئەم گۆڕانە لە کولتووری دەبێتەوە بە هۆکارێک لە هۆکارەکان بۆ کۆچ.

توێژینەوە کۆمەڵناسییەکان ئەوە دەردەخەن، کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدا، هیچ گەل و نەتەوەیەک نەدۆزراوەتەوە، کە کولتوورەکەیان بە جێگیری و سەقامگیری _مابێتەوە؛ بەڵکو کولتوورەکەیان گۆڕاوە، هەرچەندە پرۆسەی گۆڕانکاری لە نێو نەتەوە و گروپەکاندا یەکسان و هاوشێوە نییە و خاڵی بەهێز و لاوازیشی هەیە (شوانی، ٢٠٢٣). هەر ئەمەشە کاریگەری دادەنێت بەسەر بیرەکاندا و لە ئاکامدا خەیاڵی کۆچ دروستدەکات. لە سادەترین تێگەیشتندا بەوە دەگەین، کۆچ لە دۆخی ناچاری ئەنجام دەدرێت، بەم پێیەش بێت لەوەتەی مرۆڤ هەیە کۆچ هەیە. ڕەنگە یەکەم کۆچ هی ئەو مەخلوقە بێت، کە ئامادەی ئەوەی نەبوو کڕنۆش ببات، یاخود کەمێک نزیک لەو ڕووداوە دوورە، پابەندنەبوونی دوو مەخلوق و دەستبردنیان بۆ سێوێک کە دەبوو نەیخۆن، بوو بە هەوێنی دروستبوونی کۆچ لە ئاسمانەوە بۆ سەرزەمین. مرۆڤ لەوێدا پابەندی ئەو کولتوورە نەبوو، کە دەبوو دەست بۆ سێوەکان نەبات، بەڵام دەستی بۆ برد و ویستی گۆڕان لەو کولتوورەی ئەوێدا بکات، کەچی کۆچی لێ بەرهەم هات. کەوا بوو گۆڕانی کولتووریی کۆچ بەرهەم دەهێنێت.

گۆڕانی کولتووری بە هەر دوو هۆکارە ناوەخۆیی و دەرەکییەکانەوە کاریگەری لەسەر کۆچ بەدەردەکەوێت، بێگومان کۆچیش بە دوو ئاست گۆڕانی کولتووریی دەردەخات، ئەوەی کەسێک بەهۆی گۆڕانی کولتووری کۆچ دەکات لە لایەک، ئەوەی ئەو کۆچکردنە چ گۆڕانێک دروست دەکات لە وڵاتە نوێیەکە لە لایەکی دیکەوە، وەک ئەوەی ( Hillel Rapoport & Sulin Sardoschau لە توێژینەوەکەی خۆیان نیشانیان دا لەژێر ناوی (کۆچکردن و گۆڕانی کەلتووری– Migration and Cultural Change) (Rapoport, Sardoschau and Silve ,2020 ).

فاکتەرە ناوەخۆییەکان، داهێنان و کاریگەرییە زۆرەکەی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی خێرای لە بەکارهێنا لە ژیانی ڕۆژانە و پێویستییەکانی کۆمەڵگە. هەروەها دروستبوونی بزوتنەوەی جەماوەری لە هەناوی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە گشتییەکان لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی (NGO) هۆکارە دەرەکییەکانیش کەم نین وەک کاریگەری وڵاتانی کۆڵۆنی بۆ سەر وڵاتانی کۆڵۆنیکراو وەک چوونی فەرەنسییەکان بۆ میسر و هاتنی بەریتانییەکان بۆ عێراق، کە بووە هۆی بڵاوکردنەوەی کولتووری خۆرئاوا بۆ ناو ڕۆحی وڵاتانی دیکە، ڕەگی گۆڕانی کولتووری داچەقاند.

بەجیهانیبوون بەهۆی ئەوەی خێرایە لە بەیەکەوەگرێدانی دنیا بەیەکەوە، بۆیە کاریگەرییەکەشی خێراترە بەسەر گۆڕان لە کولتووردا. لە بەجیهانیبووندا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، گواستنەوەی زانیاری، کاریگەرییەکی زۆر هەیە لەسەر کولتوورە جیا جیاکان بە تایبەت ئەگەر تەنیا لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەستین، کە بێشک هۆکاری گەورەشە بۆ کۆچ و سەرهەڵگرتن، کاریگەریشیان هەیە لەسەر کولتوور و ئەم گۆڕانکارییەی لێ دێتەکایەوە، وەک: تێکەڵبوونی کولتوورە جیاوازەکان و کاڵبوونەوەی نەریتە کۆنەکان، گۆڕانی شێوازی ژیان، زمان، جل و بەرگ، خواردن و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، بە تایبەتیتر، کە ئەمڕۆ هەستی پێدەکەین چ گۆڕانێک بەسەر زماندا هاتووە. هەبوونی ئەمانەش وا دەکات دەرگەی کۆچ فراوانتر بێت و ئارەزووی کۆچ پتر بێت، کۆچکردن بەهۆی بەجیهانیبوونەوە دەبێتە هۆی گواستنەوەی نەریت و شێوەی ژیان بۆ شوێنە نوێکان و گواستنەوەیشی بۆ ناو کولتوورەکەی خۆت. بەهۆی کۆچەوە، کەسانێک دەبن بە بەش لە گۆڕانی کولتووری، بە تایبەتی، کە کەسانێک خەریکی نیشاندانی ژیانێکی خەیاڵی ڕۆژانەی خۆیانن، کە وەک پاڵەوانی کولتووری دەردەکەون.

**٣-٢ پاڵەوانی کولتووری: Culture Hero**

پاڵەوانی کولتووری، بەو کەسانە دەوترێت، کە نموونەی بەرزی توانا، هێز، ئەخلاق و کاریگەرین، کە لەناو کولتوور و میتۆلۆژیای گەل و نەتەوەیەکدا نیشتەجێ بوون یان دەبن. پاڵەوانی کولتووری، بەو کەسێتییە گرنگ و ناودارانە دەگوترێت، کە لە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەییدا ناوێکی دیاری هەیە و نوێنەری گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان نەتەوەنە (ئەسوەد، ٢٠٢٤). دەشێت کەسایەتی (گلگامێش)، یاخود ئەخیلسەکەی تەرِوادە نموونەی پاڵەوانی کولتووری بن، بۆ کۆمەڵگەی ئیسلام یان نەتەوەیەکی وەک کورد دەشێت (سەلاحەدینی ئەیوبی) پاڵەوانی هەرە باڵای ئەو توراسە بێت بۆ سەردەمانی دوای خۆی. پاڵەوانی کولتووری دەکرێت سەرۆک خێڵێکی کاریگەر بێت، بە جۆرێک کە دەتوانێ ئەوانی دیکە ئاراستە بکات. بە تەماشاکردن لە رابردوو پاڵەوانی زۆر دەبینین لەناو نەتەوەکان لە چوارچێوەی کولتوورێکی دیاری کراودا، کە هەر یەک لەو گرووپ و نەتەوە و خێڵانە خاوەنی تایبەتمەنی کولتووری خۆیانن، وەک: (سپارتاکۆسەکانی رۆمانی کۆن) و (ڤایکینگەکان).

ئەو پاڵەوانی کولتوورییە لە بوونی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدات و دەکرێت خودی مەحکومبوونی یەکەم مرۆڤ، کە دەبێت لەسەر زەوی ژیان بکات، دروستبوونی یەکەم پاڵەوانە لەسەر کولتووری ئەم سەرزەمینە. (مارتن لۆتەر) بە پاڵەوانی سەرانسەری ئەوروپا دادەنرێت (ئەسوەد، ٢٠٢٤). یەکێکی وەک (مارتینا/ Martina Buckova)ی سلۆڤاکی لای وایە پاڵەوانی کولتووری بە گشتی ئەو کەسە نییە بەرپرس بێت لە دروستکردنی جیهان، بەڵکو پاڵەوانی کولتووری ئەو کەسەیە، کە تەواوی دەکات. زۆرجار پاڵەوانە کولتوورییەکان رۆڵی فریادرەس دەبینن، نموونەیی ئەندێشەکراوی (سوپەرمان) و (لووسی) لە سینەمادا، بوونی سەرۆک خێڵێکی کاریگەرە بۆ رزگاریی خۆی و دەوروبەری، پاڵەوانێکی پەروەردەیی، کە بتوانێ گۆران بەسەر پەروەردەی نەتەوەیەک دابنێت و زۆرجار هەڵکەوتی تاکە کەسێک وەک پاڵەوانی کولتووری بۆ نموونە مهاتما گاندی (١٨٦٩- ١٩٤٨) دەبێتە هێمایەک بۆ دنیا. زۆربەی کولتوورەکان پاڵەوانی کولتوورییان هەیە، بە شێوەیەکی ئاسایی هاوکارن بۆ دروستکردنی ژیان لەگەڵ مرۆڤەکان (Leeming ,2005) .

پاڵەوانی کولتووری دەتوانێت کاریگەری هەبێت بەسەر کۆچ و هۆکارێکی کاریگەریشە، بە جۆرێک، کە کاریگەرییەکەی بە دوو ئاست دەردەکەوێت. **یەکەم:** پاڵەوانی کولتووری دەتوانێ لە رێگەی هاندان، نیشاندان، پروپگەندە و کاریگەرییەکانی خۆی وا لە خەڵکانێک بکات کۆچ بکە و ژیان لە شوێنێکی دیکە هەڵبژێرن. نموونەی ئەو جۆرە پاڵەوانی کولتوورییە مەلالە یوسفزەی (١٩٩٧- )پاکستانی، کاریگەری سەرۆک خێڵ لەم ناوچەیە، یاخود کەسانی وەک ئیلۆن ماسک (١٩٧١- ). ئەمانە وەک پاڵەوانی کولتووری خۆیان، دەتوانن رۆڵی گەورە و کاریگەر ببینن بەتایبەتتر ئەگەر سەیری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی عێراق و کوردستان بکەین، دەبینین خێڵەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر بریاری سیاسیش، نموونەی ئەو جۆرەش، دەشێت پرۆسەی دەنگدان وەربگرین، کە چۆن بەشێکی پاڵێوراوان پاشناوی خێڵێک هەڵدەگرن و لە لایەک پاڵەوانی کولتووری خێڵەوە پشتگیری دەکرێن . ئەمەو وەک پاڵەوانێکی دیاری نێو رەوتێکی ئاینی توندرەو بەرچاوترین نموونە لە عێراقدا ساڵی٢٠١٤ بەدەرکەوتنی سەرۆکی رێکخراوی داعش ئەبوبەکر بەغدادی (١٩٧١-٢٠١٩)، لەوکاتەی دەسەڵاتی لە چەند ناوچەیەکی دیارکراوی عێراق گرتەدەست، بە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنی لە رادەبەدەر وایکرد ژمارەیەکی یەکجار زۆر خەڵکی رێگەی کۆچی ناوەخۆیی و دەرەکی بگرنەبەر (راضي، ٢٠٢٢، ص ١٢٢).

**دووەم:** پاڵەوانی کولتووری دەتوانێت بە پێچەوانەوە رێگر بێت لە کۆچ و ببێت بە هۆکارێک بۆ سەقامگیری بۆ گروپ، نەتەوە و دەوڵەتەکەی خۆی. زۆربەی کاتیش پاڵەوانی کولتووری لە رێگەی تایبەتی خۆیەوە دەیەوێت ئەم رۆڵە بگێرێت بە

تایبەتی لە کوردستان و عێراق لە ڕێگەی تەکنیکگەلێکی وەک: دەستگرتن بە نەریت، دەستەبەری ئابووریی و دەستەبەری سەلامەتی لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە، گرنگیدان بە بیری نەتەوەسەنتەری بە پاڵپشتی حکومەتە خۆجێی و دەسەڵاتە ناوەخۆییەکان. هاوکات بیر و کردەی ترس و تۆقانیش هۆکارێکی کاریگەرن، کە زۆرجار خێڵ پشتی پێدەبەستێت. ئێمە پاڵەوانێکی دیکەی کولتووریمان هەیە لە بازنەی ئاییندا دەخولێنەوە، کە کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە لەسەر کۆچ لە عێراق و هەرێمی کوردستان. بوونی مەزهەب و تەریقەتەکان فەزایەکی وایان دروست کردووە، کە دەتوانن تەنیا بە یەک پەیام سەدان و هەزاران خەڵک ناچار بە کۆچ بکەن، ئەوە هەر ئەوانیشن توانیویانە ئەم خەڵکە لە بیری کۆچ بەرنەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەوانیش سەیری پێگە و گەرەنتییەکانی خۆیان بکەن.

**٢-٤ فەندەمێنتالیزمی ئاینی و لێکەوتەکانی لەسەر دیاردەی کۆچدا:**

هەریەکە لە بزاڤی ئیسلامی، ئیسلامی سیاسیی، ئوسوڵیەتی ئیسلامی بە ناو و ڕەوتە جیاوازییەکانییەوە، لە دید و تێڕوانینیاندا ئاینی ئیسلام بەرنامەیەکی گشتگیرە بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیان و پێویستە ئەو بەرنامەیە لە سەرجەم کەرتەکانی ژیانی موسڵمانانداا، پێرەوبکرێن، لە سەرروویانەوە دەسەڵات و سیستەمی سیاسیی، کە پێویستە ئیسلامی بێت و ئەرکی چەسپاندنی شەریعەت بگرێتە ئەستۆ. لەبەرئەوەی باوەڕیان وایە، جەوهەری ئیسلام ئەوە دەخوازێت و سیاسەت و دەوڵەتداری بە درێژایی مێژوو بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ئیسلام و کار بۆ هێنانەدی و چەسپاندنی ئەو بیروباوەڕەش دەکرێت لەلایەن ئەم ڕەوتانەوە، بەشێک لەمانە خۆیان دەدۆزنەوە لە ڕەوتێکی مەدەنی لە ڕێگەی پەروەردەی هێمنانە و زانستییەوە زەمینەی گۆڕانکاری دەسازێنن، ڕەوتێکی جیهادی، کە باوەڕی وایە پێویستە لە ڕێگەی توندوتیژی و شەڕەوە بەربەستەکان و هێزە لەمپەرەکانی بەردەمیان لەناوببردرێن (غەفوور، ٢٠١٩، ل ٦١، ٦٢). بیری توندڕەوی ڕەنگدانەوە و هەژموونی هەبووە لەنێو پەیڕەوانی ئاینەکانی دیکەش لەوانە: ئاینی مەسیحی، یەهودی، هیندۆسی...، بەگوێرەی شوێن و کاتەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، دەتواندرێت بە بەراوردکردنی ئەم بیرە لەنێوان ئاینە هەمەجۆرەکان و میتۆدە مێژووییەکانی بەسەریدا جێبەجێ بکرێن، ئەو کات زۆر خاڵی ناڕوون شیدەکرێنەوە و خاڵە جیاوازەکانت بۆ بەدەردەکەون (ئەرکۆن، ٢٠٠٣، ل ١٥- ١٧).

بیری سەلەفیگەری و فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و دروست بوون و پەیدابوونی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەد ساڵ لەوە و پێش، بیروبۆچوونی کەسانی وەک "إبن تیمیه" ، "إبن قیم الجوزیه" و ...، بوو بە سەرەتای هەوڵدانێکی چەندین ساڵە و درێژخایەن لەبارەی تێکەڵبوونی بیری توندوتیژی و دەمارگیری ئاینی لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا، لە سەدەی بیستەمدا بە دیاریکراوی لە دوای یەکەم جەنگی جیهانی کە کۆمەڵگەی موسڵمانان دوچاری بێ ئومێدی هات، ئیتر جارێکی دیکە پێویستی گەڕانەوە بۆ لای بنەماکانی ئیسلام هاتە ئاراوە و بەشێک لە جیهانی ئیسلامی کەوتنە ژێرکاریگەری بزوتنەوە و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانەوە، کە ڕەنگ و فۆڕمی هەمەجۆرییان بە خۆیەوە بینی، هەروەک چەندین ڕووداو هاتنە ئاراوە، کە گرۆتینێکی زێدەتریان بەخشی بە بزوتنەوە ئیسلامییەکانەوە لە نموونەی هاتنە سەرکاری ڕژێمی ئیسلامی لە ئێران (١٩٧٩)- جیهادی ئیسلامی ئەفغانستان (١٩٧٩- ١٩٨٩)، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە (١٩٨٨)، بزوتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان (١٩٩٦)، ئەم ڕووداوانە زۆرێک گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕی بەدوای خۆیدا هێنا، لە هەندێک شوێندا گروپ و تاقمی جیاواز جیابوونەوە و توندئاژۆیانە کاریان لەسەر بەردەوامیدان بەم چەشنە خەباتە دا بۆئەوەی هەژموونی خۆیان بەسەر ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیان بۆ ماوەیەکی دوورمەودا بسەپێنن (سینا، ٢٠٠٦، ل ٧- ١٣). هەر بۆیە بۆچوونی (سامویل هینتگتون) ئەم وێنەیە زیاتر بەرجەستەدەکات و تیشکدەخاتە سەر ئەوەی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لە سەرتاسەری جیهان زیندووبوونەوەی ئاینەکان بەدیدەکرێت و ئەم زیندووبوونەوەش

لەگەڵ خۆیدا بەهێزبوونی هەستی ئایینی و بوژانەوەی بزووتنەوەکانی فێندەمێنتالیزمی هێنا، دواتریش بووە هۆکارێک بۆ بەهێزبوونی ناکۆکییەکان لەنێوان ئایینەکاندا (هینتگتون، ٢٠١٦، ل ٨٥).

عێراق لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی جیاوازەوە، کە چەندان ڕێکخراو و بزوتنەوەی ئایینی هەمەجۆر بوونە بەشێک لە بەرەنگاری و ئاستەنگ لە گۆڕەپانی سیاسیدا، یەکێک لە ڕێکخراوە دیارەکان ڕێکخراوی قاعیدەبوو، کە لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٣ – ٢٠١١)، بە پشتبەستن بە تاکتیکی خۆتەقاندنەوە، دەیان و سەدان هەزار کەسیان لە ژێر دروشمی فرەجۆر لە هێزە ئەمنییە عێراقییەکان، خەڵکی مەدەنی لە ڕێبازی شیعە، سوننە و کوردیان کوشتن، بەڵام لە ژێر زەبری سێکوچکەی (سوپای ئەمریکا، سوپای عێراق، هێزی سەحوەی سەربە سوننەکان)دا، هەژموونی ئەم ڕێکخراوە لاوازبوو، بەڵام سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەکانی بەهاری (٢٠١١) لە وڵاتی سووریا، دەرفەتی ئەوەی ڕەخساند بۆ دووبارە بەهێزبوونەوەی ڕێکخراوەکە و بوو بە هێزی زەبروەشێنی یەکەم لەنێو بەرەی ئۆپۆزسیۆن و نارەزایی سووریا، پاشان لە هەناوی ئەم ڕێکخراوەدا هێزێکی دیکەی توندئاژۆ لەدایکبوو، بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش)، بەیاننامەی خەلافەتی ئیسلامی لە (٢٩ی ٦ی ٢٠١٤) ڕاگەیاند و لە ماوەیەکی کەمدا بەشێکی زۆری سووریا و پاشان ناوچە سوننەنشینی عێراقی کەوتە چەنگ، تەنانەت هەندێک ناوچە لە لیبیا و میسریش کۆنترۆڵ بکات، کارە توندوتیژیەکانیان زۆربەی سنوورەکانیان تێپەڕاند تەنانەت بەلای سەرانی قاعیدەش جێگەی ڕەزامەندی نەبوو (غەفوور، ٢٠١٩، ل ٦٠،١٠، ٦١). یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین هۆکارەکانی کۆچ لە عێراقدا هاتنەئارای دەسەڵاتی ڕێکخراوی داعش بوو، کە گەورەترین شەپۆلی کۆچی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەگەرچی گەلی عێراق پێشتریش دووچاری چەندین جۆری دەسەڵاتی چەوساندنەوە هاتبوو، بەڵام کردارەکانی ئەم ڕێکخراوە کلتوورێکی تازەی لە جەور و ستەم پەرەپێدا، کە پێشتر بەو وێنەیە بوونی نەبوو، هاودەم ئەم چەشنە لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاکی کۆمەڵگەی عێراقی بە سەرجەم پێکهاتە و شوناسە نەتەوەیی و ئایینییەکانییەوە، سەری کێشا بۆ چەندین قەیرانی قووڵ لە کۆمەڵگەدا و کۆچکردنیش بۆ شوێنێکی ئارام و سەربەست بووبە دیارترین بژاردەی خەڵکی بۆئەوەی ڕزگاریان بێت لەو دۆخەسەپێندراوەی، کە لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە بەسەریاندا سەپێندرابوو. ئەمەو تاوەکو ڕێکەوتی (٩ی ١٢ی٢٠١٧)، کە کۆتایی بە ماوەی فەرمانڕەوایەتیی دەسەڵاتی داعش لە ناوچە هەمەجۆرەکانی عێراق هێندرا (غەفوور، ٢٠١٩، ل ٣٦٢)، بەڵام شوێنەواری لێشاوی کۆچ چ بۆ ناوچە کوردییەکان یاخود دەرەوەی عێراق کاریگەرییەکەی لە چەندین باردا خۆی دەنوێنێت و تاکی کۆچکردوو بەرەو ڕووی کۆمەڵێ گرفت دەبێتەوە، کە بەزەبری کولتوور (Culture shock) ناسێندراوە، دەرهاویشتەی سەخت و گرفتی دەروونی پسێنەر لەسەر ئەو مرۆڤە کۆچ کردووە جێدەهێڵێت، چونکە مرۆڤ لە وڵاتی خۆیدا بە فەرهەنگ و کولتووری خۆیان ڕاهاتوون، بەڵام لەو وڵات و شوێنەی ڕووی تێدەکەن خۆیانی تێدا نابیننەوە و بەڵکو جۆرێک لە ونبوون یەخەیان پێ دەگرێت بەهۆی ئەو ژینگە کولتوورییە نوێیە (قەزاز، ٢٠٢١، ل ٢١).

**دەرئەنجام**

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتین، کە لە چەند خاڵێکدا خۆیان بەرجەستەکردووە:

١. دیاردەی کۆچ لە عێراقدا مێژوویەکی لە مێژینەی هەیە، ئەمەش بە هۆی هەبوونی کۆمەڵێک هۆکار، وەکوو هۆکارەکانی: ئابووریی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی لەناو چینی گەنجاندا.

٢. لە پشت دیاردەی کۆچ، ڕەوتێکی توندڕەویی ئایینی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە، بە تایبەت لەنێوان ساڵانی (٢٠١٤-٢٠١٧) ئەمە ڕەنگی داوەتەوە، هەروەک ڕوونە، کە ئەم ماوە مێژوویيە لەلایەن لێکۆڵەرانەوە پشتڕاستکراوەتەوە، کە ئەم لێکەوتەیە بە کاریگەرترین هۆکاری کۆچ لە مێژوویی عێراق هەژمارکراوە.

٣. کاریگەری پاڵەوانی کولتووریی بۆ کۆچ لە عێراق بوونی هەیە، کە خۆی لە سەرۆکی خێڵ و سەرۆکی ڕەوەت و گروپەکاندا دەبینێتەوە، هاوکات لەناو تەریقەتەکانیشدا بوونی هەیە.

٤. جیاوازی کولتووریی و گۆڕانی کولتووریش دووانەیەکی ئامادەن وەک هۆکارێک بۆ کوچ لە عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمەش شارەکانی وەک: مووسڵ، کەرکووک ئەو نیشتەجێیانەی گرتۆتەوە، کە پێکهاتەی جیا جیا تێیاندا بوونیان هەیە.

٥. هاوکات گۆڕانی کولتووریی بە دوو ئاست خۆی نیشان دەدات، ئەوەی کە چ گۆڕانێک لە کۆمەڵگە ڕوویداوە و وای کردووە، کە کۆچ ڕووبدات لە لایەک، لەلایەکی تر ئەو تاک و گروپەی کۆچ دەکات چ گۆڕانێك دروست دەکات لەو ژینگە نوێیەی، کە کۆچی بۆ کردووە.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب:**


١. ئەلشێخ بای، ئەلحەبیب، خەشانە، رەشید (٢٠١٦)، کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا، وەرگێرانی، سابیر عەبدوڵڵا کەریم، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

٢. ئاسۆ، جەبار (٢٠٠١)، کۆچ و سەفەر، چ٢، ب.ش. چ.

٣. شتراوس، کلۆد لیڤی (٢٠٢٤)، نەژاد و مێژوو، و، لەفەرەنسییەوە، نەجاتی عەبدوڵڵا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٤. جبوری، موسلیح خزر (٢٠١٧)، رۆڵی سیاسی کەمینەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەراست، و، لە عەرەبییەوە، هەڵگورد جەلال، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چ١، چاپخانەی دلێر، سلێمانی.

٥. تەنیا، ئیسماعیل (٢٠٠٢)، سەفەری رەش- کۆژانی دەربەدەری و ئاوارەییە، هەولێر.

٩. ئەرکۆن، محەمەد (٢٠٠٣)، ئاین، عەلمانییەت، فەندەمێنتالیزم، و، لە عەرەبییەوە، شوان ئەحمەد، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٨. سینا، عەلی (٢٠٠٦)، مێژووی فەندەمێنتالیزمی ئیسلامیی سوننە لە ئێران، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٧. غەفوور، عومەر علی (٢٠١٩)، ئایین و توندوتیژی، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٦. غوڵامی، ئەحمەد (٢٠١٧)، تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی ئایین، چاپەمەنی مانگ، چ١، بانە.

١١. باپیر، ئاڵا ( ٢٠٢٢)، سیمۆلۆژیای کەلتوور، چ١، چاپخانەی مێخەک، سۆران.

٦. ١٠. هینتگتون، ساموێل ( ٢٠١٦)، پێکدادانی شارستانییەتەکان دووبارە بوونیادنانەوەی سیستەمی جیهانی، و، فەیسەڵ خەلیل، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٧. ١٢. میران، رەشاد (٢٠٢١ )، مرۆڤناسی. چ١، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٨. ١٣.رەشید، شەماڵ لەتیف (٢٠١٦)، نوێگەری و گۆڕانی کولتووری، سلێمانی.

٩. گۆڤارەکان:

١٠. ١. بە زمانی کوردی:

١١. تاهیر، دڵپاک (٢٠٢٥)، سروشتی تاوانەکانی داعش بەرامبەر بە ئێزیدییەکان، گۆڤار (رێبازی نوێ)، ژ٢، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

١٢. حەکیم، مراد (٢٠٢١)، کۆچ؛ کوردستان و بیلاڕووسیا، گۆڤار ( ئاژین)، ژ١، فاکەڵتیی ئاداب. زانکۆی سۆران.

١٣. خەڵەف، سەفا (٢٠٢٢)، قەیرانی ئاو و گۆڕانی کەش و هەوای عێراق هۆکاری کۆچ و ناکۆکی نێوخۆیی، و، لە عەرەبییەوە، باران سوبحی، گۆڤار (ئایندەناسی)، ژ١١، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، سلێمانی.

١٤. قەزاز، ئازاد (٢٠٢١)، کۆچبەرو زەبری کەلتوور لە کۆمەڵگەی خۆرئاوادا، گۆڤار ( ئاژین)، ژ١، فاکەڵتیی ئاداب. زانکۆی سۆران.

١٥. نجم الدين، دانەر رشید، فرج، انور محمد (٢٠٢٥)، تیۆری کۆمەڵگەرایی و کۆزمۆپۆلیتانیزم لەبەردەم ئاڵنگارییەکانی جیهانگیرییدا لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی،Vol. 11 No. 3. سلێمانی.

.١٦

١٧. ٢. بەزمانی عەرەبی:

١٨. حيدر، حميد عزيز، منذر، محمد (٢٠٢٤)، ظاهرة النزوح في العراق بعد عام ٢٠٠٣ و دور السلطات في حماية النازحين، مجلة الجامعة العراقيه، المجلد (٧١)، العدد (٤)، بغداد.

١٩. خضر، سعد صالح، محمد، سعاد عبدالله (٢٠٢٠)، الهجرة الخارجيية و اثارها على القيم الاجتماعية و السياسية في محافظة دهوك، مجلة الكلية التربية، جامعة واسط.

٢٠. راضي. موسى جعفر (٢٠٢٢)، الهجرة الداخلية في العراق بعد عام ٢٠١٤، مجلة آداب الفراهيدي، المجلد ١٤، العدد (٤٨)، القسم الثالث، كلية الآداب. جامعة تكريت.

٢١. هادي، حسام صبار، العكيلي، عدنان عناد غياض (٢٠٢٢)، الأبعاد الجغرافية لظاهرة الهجرة السكانية في العراق بعد عام ٢٠٠٣ ، مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية المجلد (٢) العدد (٤٥)، كلية الآداب، جامعة واسط.

**٣.٢٢- بەزمانی ئینگلیزی:**

1- Ozaltin, D., Shakir, F. and Loizides, N., 2019. Why do people flee? Revisiting forced migration in post-Saddam Baghdad. *Journal of international migration and integration*, *21*(2), pp.587-610

2- Poport, H., Sardoschau, S. and Silve, A. (2020) *Migration and cultural change*. CESifo Working Paper No. 8547. Available at: https://ssrn.com/abstract=3689469 (Accessed: 16 August 2025).

3- Lanati, M. & Venturini, A.,( 2021) Cultural change and the migration choice. speinger nature, Review of World Economics, 15 April ..

**ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکان:**

١- دامەزراوەی میدیایی درەو (٢٠٢٥)، هۆکارەکانی کۆچ و میکانیزمەکانی روبەڕوبونەوەی لە هەرێمی کوردستان، راپۆرتی، ژووری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، ١١ی ١١ی ٢٠٢١، ڕێکەوتی سەردان، ٨ی ئابی ٢٠٢٥.
https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=9144

٢. نەبەز، سەمەد (٢٠١٧)، کولتوور چییە، ڕێکەوتی سەردان ٦ی ئابی ٢٠٢٥.

**https://www.lalishduhok.com/هەمەڕەنگ/post/135847/?lang=ckb**

٣. شوانی، دانا (٢٠٢٣)، کوردستان و گۆڕانی کولتووری، ڕێکەوتی سەردان، ١٠ی ئابی ٢٠٢٥.

**https://hawlerweb.net/adab/2023/01/42821/**

٤. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٢٤)، پاڵەوانی کولتووری، ڕێکەوتی سەردان، ١٢ی ئابی ٢٠٢٥.
**https://knwe.org/KU/ArticleDetails/5269**

٥. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٢٤)، ژینگەی کولتووری، ڕێکەوتی سەردان، ١٤ی ئابی ٢٠٢٥.
**https://knwe.org/KU/ArticleDetails/5115**

٦. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٢٤)، توندوتیژی کولتووری، ڕێکەوتی سەردان، ١٧ی ئابی ٢٠٢٥.

**https://knwe.org/KU/ArticleDetails/5740**

٧. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٢٤)، کولتووری و کەلەپوور، ڕێکەوتی سەردان، ١٩ی ئابی ٢٠٢٥.

**https://knwe.org/KU/ArticleDetails/4849**

٨. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠٢٤)، جیاوازی کولتووری، ڕێکەوتی سەردان، ٢٢ی ئابی ٢٠٢٥.

**https://knwe.org/KU/ArticleDetails/4960**

٩. Livingston, Tylor ( 1871), What is Culture? , Date of visit, 3rd August 2025
**HTTPS://PRESSBOOKS.NEBRASKA.EDU/ANTH110/CHAPTER/CULTURE-AND-CULTURE-CHANGE-TAYLOR-**